هایکۆ

# سەرنجی سروەی سروشت دەدەم

سەردار حەمید (نۆڕێ)
(کەلار)



(١)

ماتەمینی باخچە،
تنۆک کەوتە سەر گەڵا –
گریانی گوڵ!

(٢)

دەپێچێتەوە؛
فەرشە سەوزە گوڵدارەکە،
ڕۆژشهێنانەوەی بەهار.

(٣)

بزەیەکی جوان؛
دێتە سەر لێوی دەریا –
شەپۆلی نەرم!

(٤)

بۆ سەرنجی خۆر؛
گوررزەڕەنگی شەیدایە -
پەلکەزێڕینە!

(٥)

لە جێی باران سەرقاڵیی دەبارێت؛
ڕەگی درەختیش –
حاڵی تینوێتی دەیگرێت!

(٦)

لەنجەولاری ناسکی،
لەسەر سینگی دەریایە –
تریفەی مانگ!

(٧)

شەوانی بەهار،
یانەی گۆرانیی و مۆسیقا و سەمایە
زەلکاو!

(٨)

ستیانی گوڵ،
دوگمەکانی مەکەنەوە با پەژموردە نەبێ
خونچە!

(٩)

بە میهرەبانییەوە؛
گوڵ فێری خۆشەویستی دەکەم –
پاشان دەیئەفرێنم!

(١٠)

پڕشنگی سەرنج؛
لە تەمانی برژانگتەوە دەڕژێ –
شایستەی بەزەییە تەم!